# گۆڤاری چاو پلانی ئێران بۆ بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر لەکوردستان ئاشکرا دەکات

هەڵۆ جانانی بۆ چاو:
جێگری یەکەمی سەرکۆماری ئێستای ئێران دەستێکی باڵای هەبووە لە دامەزراندنی مافیای مەوادی بێهۆشکەری بۆ باشووری کوردستان و زۆربەی مادده هۆشبەرەکانیش لەژێر باردا حەشار دەدرێن و دێنە ناو باشووری کوردستان



پرسی ئیدمان گرتن بە ماددەی هۆشبەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەک جەنگێکی هێمنی بێ چەک لە دژی لاوان دادەنرێت و حکومەتی ئێرانی مەرگێکی لەسەرخۆی خستووەتە ناو ئەو بەشەی کوردستان کە چارەسەری لە توانادا دەرچووە، بە وتەی رۆشنبیران و هەڵسوڕاوانی بواری لاوانیش ئەو پارچەی هەرێمی کوردستانیش لە بەردەم مەترسییەکانی ئەو هەڕەشەدایە، ئەمەش بە پلانی رژێمی ئیسلامی ئێران. گۆڤاری چاو بە پێویستی دەزانێت لەڕێگەی وتوێژێکەوە لەگەڵ هەڵۆ جانانی بەرپرسی ماڵپەڕی «هەڵۆی کوردستان» ووردەکارییەکان ئەو پلانەو مەترسییەکانی بخاتە ڕوو.

سازدانی: گەرمیانی حەمەی پور

**چاو: ڕێژیمی ئیسلامی ئێران خۆی وا نمایش دەکات جیاوازی لە نێوان سەرجەم هاولاتی ولاتەکەی ناکات و بەیەک چاو لە هەمووان دەڕوانێت، بەڕای بەڕێزتان ئەمە بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات دەگونجێ؟ واتە ئێران بەو چاوە تەماشای کوردستان دەکات کە فارسی ئێرانی پێ دەبینێ؟**

هەلۆ جانانی: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕاگەیاندنەکانی خۆی دەیەوێ وا بە جیهان بنوێنێ کە هیچ جیاوازییەک لەنێو هاووڵاتیانی دانانێ کە ئەمە قسەیەکی دوور لە ڕاستییە، نە تەنیا لەنێو فارس و کورد یان نەتەوەکانی دیکەی ئێران جیاوازی دادەنێ بەڵکو لەنێو فارسەکانیش جیاوازی هەیە. ڕێژیم لە ڕوانگەی خۆیەوە خەڵکی ئێرانی بە دەیان بەش دابەش کردووە کە کوردستان ئاخرین بەشە (کوردستان مەبەست چوار پارێزگای ئیلام، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوایە). بەهۆی ئەوەی کە کوردستان هەمیشە سەنگەری بەرگری و دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووە و قەت ملی بۆ داخوازییەکانی ڕژێم دانەنواندووە، ڕژێم نە لەباری کۆمەڵایەتی و نە لەباری ئابووری و نە لەباری سیاسی و نە لە هیچ بارێکەوە قەت کوردستان بەچاوی شارەکانی تاران و ئیسفەهان و شیراز و باقی شارەکانی دیکە چاو لێ نەکردووە، کورد بەچاوی دوژمنی خۆی دەبینێ و بەردەوام زوڵم و زۆری لێ دەکا، ڕۆژ نیە کە بێ هیچ هۆیەک ڕۆڵەکانی کورد بە بیانووی جۆراو جۆرەوە نەداتە بەر گوللە و نەیانکوژێ یان بریندار نەکا، شار و ناوچە نیە کە ڕۆژی چەندین لاوی نەکەوێتە زیندان و بەر پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ئێران، تا ئێستا کارخانەیەکی گەورەی لە کوردستان دانەمەزراندووە، ئەگەرچی کوردستان پڕیەتی لە کانگای جۆراوجۆر، وەکو زێڕ، ئاسن، ئالومنیۆم، بەرد و دەیان جۆر کانگای دیکە، بەڵام کارخانەی لە شارە فارسەکان داناوە و بەرهەمی ئەم کانگایانەی کوردستان دەبات بۆ ئەو کارخانانە و خەڵکی کوردستان هیچ بەشێکیان لە داهاتی ئەم کانگایانە نییە و هەموو داهاتەکەی بۆ ڕێژیم و دەست و پێوەندییەکانی دەبێت و دەبنە هەلێک بۆ کارکردنی فارسەکان و کوردەکانیش دەبێ بەدەست بێکارییەوە بناڵێنن. لەباری سیاسییەوە کوردێک قەت ناتوانێ ببێتە سەرکۆمار یان کاربەدەستێکی گەورەی ڕێژیم، لە مێژووی ٣٠ ساڵەی دیکتاتۆریەتی کۆماری ئیسلامی تەنیا محەممەد ڕەزا ڕەحیمی، جێگری یەکەمی سەرکۆماری ئێران توانیویەتی ببێتە کاربەدەستێکی پایە بەرزی ڕێژیم کە کوردێکی شیعە مەزهەبە و پێشتر پارێزگاری ئوستانی کوردستان بووە، ئەحمەدی نەژادیش تەنیا بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی ئەو کارەی کردووە و ئەگەریش چاوێک لە مێژووی ڕەحیمیش بکەین دەبینین کە زۆر زیاتر لە خودی ڕێژیم بۆ کورد خراپ بووە و دەستێکی باڵای لە بەلاڕێدابردنی ڕۆڵەکانی کورد و کێش کردنیان بەلای ماددە هۆشبەرەکان هەبووە. خوێندکارێکی کورد کە زانکۆی تەواو کردووە، لەگەڵ خوێندکارێکی فارس زۆر جیاوازی هەیە، فارسەکە لەوانەیە لە شوێنێکی حکوومەتی دابمەزرێ بەڵام زۆربەی کوردەکان لە هیچ کوێ دانامەزرێن و بێکارن و دوای ئەو هەموو ساڵە خوێندنە لە بێکاری ناچارن ڕوو دەکەنە کارو کاسبییەک کە لە بێکاری باشترە ئەگینا ئەوە کار نیە، یان ڕوو دەکەنە سنوورەکان بۆ کۆڵبەری، ئەگەر کەسێک بڕوا لێکۆڵینەوە لەو کۆڵبەرانە بکات دەبینێ کە زۆرێک لەو کۆڵبەرانە زانکۆیان تەواو کردووە بەڵام لە ناچاری و لە بێکاری ڕوویان کردووەتە ئەم جۆرە کاسبییە، بەڵام ڕێژێم ئەمەشیان پێ ڕەوا نابینێت دەیانداتە بەر گوللە و ڕۆژ نیە لەم کەسانە نەکوژرێن یان نەکەونە سەر مینەکانی چێندراو لەلایەن ڕێژیمەوە.

**چاو: ئێمە ئەگەر باس لەلایەنی کۆمەڵایەتی بکەین، بەڕای بەڕێزتان کۆماری ئیسلامی ئێران توانیوویەتی دابگەری کۆمەڵایەتی لە ئێران فەراهەم بکات؟ ئەسڵەن باری کۆمەڵایەتی ئێران بەگشتی و ناوچە کوردنشینەکان لە چ دۆخێکدایە؟**

هەڵۆ جانانی: باری کۆمەڵایەتی ناوچە جیاجیاکانی ئێران جیاوازە، پێوەندی هەیە بەوەی کە چەندە ئەو ناوچە لەگەڵ ڕژێمدان و چەندە ملیان بۆ داخوازییەکانی ڕێژیم داوە، ڕژێم نە تەنیا هیچ یارمەتییەک بە پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی کوردستان نادات بەڵکو هەوڵ دەدات کە کوردستان بەرەو دواوە ببات، ئەو کارانەی کە لەباری کۆمەڵایەتییەوە بۆ شارەکانی دیکەی ئێرانی دەیکات بۆ کوردستانی ناکات، پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی کوردستان هیچ پێوەندییەکی بە ڕێژیمەوە نیە، خەڵکی کوردستان خۆیان خەڵکێکن کە بەگشتی هەوڵ دەدەن بۆ بەرەوپێش چوونی باری کۆمەڵایەتییان و ڕاگەیاندنەکانی دەرەوەی ئێرانیش ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر ئەو پێشکەوتنە هەبووە، بەڵام هەموو کێشە کۆمەڵایەتیان ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ڕژێمەوە هەیە و بەهۆی هەڵسوکەوتی خراپی ڕێژیم لەگەڵ خەڵکی کوردستان ئەو کێشانە پێش دێ، بۆ وێنە ئاماری زۆری تەلاق لە کوردستان بەهۆی بێکاری و موعتادی و دیاردەکانی دیکەی ڕێژیمە کە پێکی هێناوە، ڕێژیم لە چوار پارێزگای کوردنشین تەلەڤزیۆنی ناوچەیی داناوە، ئەم تەلەڤزیۆنانە بەردەوام ڕیکلام بۆ ڕژێم دەکەن و جگە لەوەش دابونەریتی کوردەوارییان خستووەتە ژێر پرسیار و خەریکی تێکدانینن بۆ وێنە بەرنامەی منالان بە زمانی فارسی بڵاودەکاتەوەو ئەو بەشەشی کە بە زمانی کوردی بڵاودەکاتەوە زۆرتر زیان بە کورد دەگەیەنێ تا قازانج، بەرنامەی کوردی درووست کردووە کە لە ڕواڵەتدا بۆ خۆشی و پێکەنینی خەڵکەکەیە بەڵام گاڵتە و سووکایەتی بە زمان و داب و نەریتی کوردەواری دەکات، لەباری خوێندنیشەوە نەتەنیا کتێبەکان و نووسین و خوێندن بە زمانی فارسییە زمانی زگماکی لە کوردستان و ئەو ناوچانەی کە نەتەوەکانی غەیرە فارسن قەدەغەیە.

**چاو: ڕێژیم چ ڕۆڵێکی لە بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و بۆچی ئەو کارە دەکات؟**

هەڵۆ جانانی: بەپێی سەرچاوە ڕەسمییەکانی خودی ڕێژیم لە یەک ساڵدا ٥٠٠ هەزار کیلۆ ماددەی هۆشبەر لەلایەن



گیرۆدەبووانەوە بەکاردێ و زیاتر لە ٢ ملیۆن کەس لە ئێران گیرۆدە بونەو بەم مادە هۆشبەرانەوە، ئەمە تەنیا ئاماری رژێمە، ئەگینا زۆر لەو رادە زیاتر بەکاردێت و زۆر زیاتر لەو رادەش گیرۆدە بوومان هەیە و سەرچاوە غەیرە فەرمییەکان باس لە زیاتر لە ٦ میلیۆن گیرۆدە بوو بە مادەی هۆشبەر دەکەن. بەنیسبەت ناوچەکانی دیکەی ئێران، کوردستان گیرۆدە بووی زیاترەو هۆی ئەمەش سیاسەتی رژێمە، بەهۆی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان و لاوان بەتایبەتی خەڵکێکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازن، رژێم دەیەوێ بە هەر شێوەیەک بێت لاوەکان گیرۆدەی ئەم مادە هۆشبەرانە بکات تا لە بیری ئازادی و رزگاریخوازی نەبن. جێگری یەکەمی سەرکۆماری ئێستا واتە محەممەد رەزا رەحیمی، کە ٤ ساڵ پارێزگاری پارێزگای کوردستان بوو، رۆڵێکی بەرچاوی لە گیرۆدەکردنی لاوان بە مادە هۆشبەرەکانەوە بووە، بە بوونە پارێزگاری رەحیمی مافیای مادە هۆشبەرەکان لە کوردستان بە پشتیوانی ئەو پەرەیان سەند، لەبەر ئەوەی لاوەکان روو نەکەنە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان و نەبنە پێشمەرگە، رژێم هەموو جۆرە هەڵێکی رەخساند کە گیرۆدەی مادەی هۆشبەرە بن، هەلەکانیش بەشێکیان بریتی بوون لە بێکاری، دانەمەزراندنی لاوان، تەماع وەبەرنان و داهاتی زۆر و لە فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر و .. چەندین هەلی دیکە. فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر داهاتێکی زۆرە و گیرۆدەبوونی لاوەکان زۆر ئاسانە. ئەو کەسانەی کە بازرگانی بە ماددە هۆشبەرەکانەوە دەکەن، زۆرتر دەست و پێوەندییەکانی رێژیمن و رێنوێنیش لە چۆنیەتی و شێوەی بڵاوکردنەوەکەی لە رێژیم وەردەگرن و رێژیم بەو کارە قازانجێکی زۆری پێ دەگا. هەم لەباری ئابوورییەوە قازانجی بە خۆی دەگا هەم بە گیرۆدەکردنی لاوان قازانجی سیاسی پێ دەگا، چونکە لاوان بە گیرۆدەبوونیان ئیتر لەبیر ئازادی و مافە رەواکانیان نین و نابنە کێشە بۆ رژێم و ئەوە سیاسەتی ئەسڵی رژێمە لە گیرۆدەکردنی لاوانی کورد، ماددەی هۆشبەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە ئاسانی و بێ هیچ زەحمەتێک بەدەست دێت.

**چاو: ئەگەر بەوردی پێمان بڵێت سەرەتای فێر بوون و ئیمان گرتن لەگەڵ مادده هۆشبەرەکان چۆن دەبێت؟**

هەڵۆ جانانی: هەموو پێشەکییەک بۆ گیرۆدەبوون لەلایەن رژێمەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە کراوە کە زۆربەی گیرۆدەبووان لە بێکاری تووشی ئەو دیاردە دەبن، کەسێک کە مادەی بێهۆشکەر مەسرەف دەکا بۆ ماوەیەکی کاتی نەشئە دەبێت، چۆن کاتێک کە مرۆڤ مەشرووب دەخواتەوە بۆ ماوەیەک مەست دەبێ، نەشەش شتێکە لەو بابەتە و مرۆڤ بۆ چەند کاتژمێرێک ئاگای لە خۆی نابێت و خۆیشی نازانێ کە چی دەکات، ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر مەسرەفی مادەی هۆشبەر ئەمجار عادەتی پێ دەکات و واتێکلاو بەخوێنی دەبێت کە ناتوانێ نەیکێشێ، ئەمجار ئەگەر نەیکێشێ تێک دەچێت و کاتێ کە دەکێشێ حاڵی باشترە لەو کاتەی کە ناکێشێ، کەوابوو بەردەوام بەدوایدا دەگەڕێت و لە هەر رێگایەکەوە بێت پارەی بۆ پەیدا دەکات. رێژیم لە سەرەتاوە یان بێ پارە یان بە پارەیەکی زۆر کەم مادەی هۆشبەر لە رێگەی دەست و پێوەندەکانییەوە دەدات بە لاوان و تا بە تەواوی گیرۆدە دەبن. کاتێ بە تەواوی گیرۆدە بوو ئەمجار پارەیان لێ دەستێنێ، کەسێک کە گیرۆدەیە بۆ پەیداکردنی پارە بۆ ئەو مەوادەی کە مەسرەفی دەکات هەموو کارێک دەکات، لە فرۆشتنی کەل و پەلی ناوماڵەوە بگرە هەتا دزیەتی، تەنانەت رووی داوە کە کەسی گیرۆدەبوو خێزانەکەی خۆی مەجبوور بە لەشفرۆشی کردووە تا پارەیەک بەدەست بێنێ بۆ کڕینی ماددەی هۆشبەر، کەسێک کە گیرۆدەبوو هیچ شتێکی لەم جیهانە پێ گرینگ نیە، دایک و باوک و خێزان و منداڵ و نامووس و نیشتمان و هیچ شتێکی پێ گرنگ نیە، تەنیا شتێک کە لای ئەو گرنگە مادەی هۆشبەرە کە مەسرەفی بکات چونکە ئەگەر مەسرەفی نەکات ئێش و ژان هەموو لەشی دادەگرێ.

**چاو: ئایا تەنها کوڕان هۆگری ئەو ماددانەن یان کچانیش پێوەی گیرۆدەن و**

ئەو ئامارانەی کە رژێمی ئیسلامی بڵاویان دەکاتەوە زۆر جیاوازن لەوەی کە لەراستیدا هەیە

لە بەندیخانە زۆرێک لە کەسانی سیاسی دەکەنە هاودیوی گیرۆدەبووان تا ئەوانیش گیرۆدە بن و زۆر کەسی سیاسیشمان بووە کە رژێم بەزۆر گیرۆدەی مادەی هۆشبەری کردووە و دوای گیرۆدەبوونی ئازادی کردووە

رژێمی کۆماری ئیسلامی دەستێکی باڵای لە پشتیوانی و هێنانی مادەی هۆشبەر لە باشووری کوردستان هەیە

**قوربانییەکی ترن؟**

هەڵۆ جانانی: بەداخەوە ئێستا لەنێو کچانیش گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکانەوە پەرەی گرتووە، بەپێی ئاماری رێژیم ٩٥ لە سەدی گیرۆدەبووان پیاوان و ٥ لە سەدیان کچن. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەم ئامارەش وەکو باقی ئامارەکانی دیکەی رێژیم هەڵەیەو ئاماری گیرۆدەبووانی کچان لەوە زیاترە کە رێژیم رایگەیاندووە.

زۆربەی گیرۆدەبووان تەمەنیان لەخوار ٣٠ ساڵە و ١٦ لە سەدی گیرۆدەبووان تەمەنیان لە خوارووی ٢٠ ساڵەوەیە، بەڵام بەداخەوە رۆژ بە رۆژ نێونجی تەمەنی ئەو گیرۆدەبووانە دێتە خوارەوە و ئاماری گیرۆدەبووانی منداڵان خەریکە دەچێتە سەرەوە، تەنانەت هەن منداڵانی ژێر تەمەن ١٠ ساڵیش کە گیرۆدە بوون.

چاو: خانەوادەکان تا چەند لە هەوڵی رزگارکردنی رۆڵەکانیانن لە مەترسییەکانی هۆگر بوون بەو مادانە؟ ئایا رێگایەک هەیە بۆ تەرککردنی کێشانی مادەی هۆشبەر؟

هەڵۆ جانانی: ئەگەر رادەی نێونجی ئەندامانی بنەماڵە لە ئێران ٤ کەس لەبەرچاو بگرین رادەی گیرۆدەبووان بە ماددەی هۆشبەرە کە ٢ ملیۆن کەسن، دەبینین کە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ١٢ ملیۆن کەس لە ئێران پێوەندییان بە ماددەی هۆشبەرەوە هەیە، بە دڵنیاییەوە زۆر زیاتر لەو رادەش خەڵک پێوەندیان هەیە چونکی ئەو ١٢ ملیۆن کەسە ئاماری رژێمە، بنەماڵەکان هەموو هەوڵ و رێگایەک تاقیدەکەنەوە بۆ رزگارکردنی ئەندامانی بنەماڵەکەیان لەو دیاردە، بەڵام بەداخەوە زۆر سەرکەوتوو نابن چونکە گیرۆدەبوو لە بەرامبەر ئەو ئێشوئازارەی تاقەت ناهێنێ و بەو بۆنەوە هەوڵەکانی بنەماڵەکان زۆریان بە فیڕۆ دەچن، گیرۆدەبوو وادەزانێ بەو ئێشوئازارە دەمرێ، بەڵام بەهۆی ئەو ئەزموونانەی کە لەو کەسانەی کە تەرکیان کردووە بەدەست هاتووە، بەو ئاکامە دەگەین کە کەم کەس هەیە بە مەسرەف نەکردنی مادەی هۆشبەر گیانی لەدەست دابێ، تەرککردنی مادەی هۆشبەر پێویستی بە پسپۆڕ و دەوا و دەرمان هەیە. ئەڵبەتە هێندێک لەمادە هۆشبەرەکان هەن کە گیرۆدەبووان ناتوانن تەرکی بکەن و دەبێ ئەوەندە بکێشن تا گیانیان لەدەست دەدەن.

**چاو: ئایا بنکە و بنیاتێک هەیە کە تەرکی مادەی هۆشبەر بە گیرۆدەبووان بکات؟**

هەڵۆ جانانی: ئەو بنکەو بنیاتانەی کە لە ئێران و کوردستان هەن خەڵک خۆیان دایانمەزراندووە و رژێم نەتەنیا هیچ یارمەتییەک بەو بنکانە ناکات بەڵکو کۆسپیش دەخاتە سەر رێگایان، بۆ وێنە نەتەنیا زەوییەک نادا بەو بنکانە بەڵکو بۆ شوێنی دامەزراندنیشیان کێشە دەخولقێنێ و ئیزنی دامەزرانی ئەو جۆرە بنکانەش نادات مەگەر ئێتر فشاری خەڵکی زۆر لەسەر بێت، بنکە هەیە لە کوردستان کە دامەزراوە و کارەکەی سەرکەوتوو بووە رژێم لەبەر ئەوەی کە پێشی پێ بگرێ، بە بیانووی جۆراوجۆرەوە کارەبای لێ بڕیوە، یان بە داهێنانی یاسایەکی نوێ هاتووە ئەو بنکەی داخستووە، ئەو بنکانەی کە لە کوردستان هەن هەمووی بە پارەی خەڵک بەڕێوە دەچێت و زۆریشیان ئیزنی فەرمییان نیە و رادەشیان زۆر کەمە.

**چاو: بەڕای بەڕێزتان چ بکرێت و چۆن بتوانرێت ئەوەکانمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە زیانەکان تووش بوون بەمادەی هۆشبەر ئاگادار بکەینەوە؟**

هەڵۆ جانانی: هەنگاوی یەکەم دەبێ رژێم پێش بە هاتن و بڵاوبوونەوەی ئەو مادە هۆشبەرانە بگرێ، بەڵام کاتێ کە رژێم خۆی بڵاوی دەکاتەوە قورسایی زیاتر دەکەوێتە سەر شانی بنەماڵەکان، گیرۆدەبوون لاو و پیر و منداڵ ناناسێ، ئەگەر هەر بنەماڵەیەک ئاگای لە بنەماڵەی خۆی بێت کەس گیرۆدە نابێت، هەر کەسێکیش کە گیرۆدەبوو پێش لەوەی بە تەواوی ئەو کەسە بکەوێتە داوی ئەو کارەساتە، دەبێ پێشی پێ بگیرێ.

چاو: حیزبەکانی ئێوە و رێکخراوەکانی سەر بەو حیزبانە چییان کردووە بۆ هۆشیارکردنەوەی بەکارهێنەران و گەنجانی کوردستان و میکانیزمیان بۆ ئەو کارەساتە کۆمەڵایەتییە چییە و راگەیاندنەکانی ئەو حیزبانە لەسەر ئەو دیاردە دزێوە چ هەنگاوێکیان هەڵێناوە؟

هەڵۆ جانانی: ئەو رێکخراوانەی کە بەشێوەی نیهێنی لە کوردستانی ئێران چالاکن

و بنکەکانیان لە دەرەوەی رۆژهەڵاتی کوردستانە، حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان و ریکخراوەکانی لاوان و ژنان و خوێندکارانی تایبەت بەو حیزبانەن، بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ریکخراوەکانی سەر بەو حیزبە لەچاو حیزب و ریکخراوەکانی دیکە زیاترین قورساییان کەوتۆتە سەر شان چونکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشڕەو و رێبەری بزاڤی میللی دیموکراتیکی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە و زۆربەی خەڵک کوردستانی ئێران لەدەور سیاسەتی ئەو حیزبەدا کۆبوونەتەوە. بەهۆی ئەوەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ریکخراوەکانی سەر بەو حیزبە ئۆپۆزیسیۆن و دژ بەو رژێمەن، لە ئێران ئازاد نین و تەنیا بە شێوەی نهێنی کار دەکەن و ناتوانرێ ئامارێک لە سەرکەوتنی ئەو حیزبە لە بواری تەرک کردن و روونکردنەوەی خەڵک لەو بارەوە بوترێ، بەڵام ئەوەی دیارە و بەرچاوە لەو رۆژەوەی کە تەلەڤزیۆنی تیشک دامەزراوە لەم چەند ساڵەدا توانیویەتی دەیان بەرنامە سەبارەت بەو دیاردە پێشکەش بکات و خەڵک روون بکاتەوە و بەردەوامیش پیلانەکانی رێژیم لەو بوارەدا لەقاو بدات، کە کاریگەری تایبەت بە خۆی هەبووە. هەروەها رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و بڵاوکراوەکانی دیکەی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری رژێمەوە بەردەوام پیلانەکانی رژێمیان لەقاو داوە و خەڵکیان روون کردووەتەوە، بەسەدان لاویش راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ حیزبی دیموکرات ئەو گیرۆدەبوونەیانی پێ لابردووە.

**چاو: رژێم لە تەلەڤزیۆن جاری وایە دەڵێ کە دەستیان بەسەر مادەی هۆشبەردا گرتووە و سووتاندوویە و فیلمەکەشی نیشان دەدات، تا چەندە ئەم فیلمە جێگەی باوەڕە؟**

هەڵۆ جانانی: راستە لە راگەیەنەکانی خۆی باس لەوە دەکات کە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە مادەی هۆشبەر بڵاودەکەنەوە بەرخورد دەکا یان لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان نیشان دەدات کە مادەی هۆشبەری دەست بەسەرداگردووە، بەڵام ئەمە هەمووی شانۆسازی و فریودانی رای گشتییە، لەوانەیە برێک لەو شتەی کە دەیسووتێنێ مادەی هۆشبەر بێت و ئەوەش لەو کەسانەی گرتووە کە بێ ئیزنی رژێم ئەو کارەی کردووە یان بەشی رژێمیان نەداوە، ئەگینا ئەگەر راست دەکەن و دژایەتی لەگەڵ مادەی هۆشبەر دەکەن بۆ کەسێک لە ئێران و کوردستان بەتایبەتی قسەیەک لە ئازادی و رزگاری بکات بە زووترین کات دەست بەسەری دەکات بەڵام چۆن بە کەسێک نازانێ کە مادەی هۆشبەری پێیە؟ رژێم کەش و هەوایەکی خوڵقاندووە کە زۆر بە ئاسانی دەتوانی مادەی هۆشبەر پەیدا بکرێت.

**چاو: دەوترێ تەنانەت لە بەندیخانەکانی ئێرانیش مەوادی بێهۆشکەر پەیدا دەبێت، تا چەندە ئەمە راستە؟**

هەڵۆ جانانی: ئەم وتەیە بە تەواوی راستە، چەندە بە ئاسانی لە دەرەوەی بەندیخانە مەوادی بێهۆشکەر بە ئاسانی پەیدا دەبێت لەنێو بەندیخانەش هەروایە، لەوانەیە لەنێو بەندیخانەکان لە چاو دەرەوەی بەندیخانە کەمێک گرانتر بێت، ئەو کەسانەش کە بە سلامەتی رۆشتوونەتە بەندیخانە و بە موعتادی لە بەندیخانە هاتوونەتە دەرەوە گەلێک زۆرن، لە بەندیخانە زۆرێک لە کەسانی سیاسی دەکەنە هاودیوی گیرۆدەبووان تا ئەوانیش گیرۆدە بن و زۆر کەسی سیاسیشمان بووە کە رژێم بەزۆر گیرۆدەی مادەی هۆشبەری کردووە و دوای گیرۆدەبوونی ئازادی کردووە، چونکی دەزانێ مرۆڤی سیاسی بە گیرۆدەبوونی بە مادەی هۆشبەر ئیتر ناتوانێ بکەوێتە شوێن ئازادیخوازی و کاتی تەنیا بۆ ماددەی هۆشبەر تەرخان دەکا.

**چاو: رۆڵی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەبڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر لە باشووری کوردستان چییە؟**

هەڵۆ جانانی: بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن راگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستانەوە بڵاو دەبنەوە، رۆژ نیە کە چەندین کەس بە ماددەی هۆشبەرەوە نەیەنە هەرێمی کوردستان و هێندێک کەسیشیان بەخۆشییەوە لەلایەن ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە دەست بەسەر دەکرێن، بەڵام بێ گومان ئەو کەسانەی کە دەست بەسەر دەکرێن لەچاو ئەو کەسانەی کە بە مادەی هۆشبەرەوە دێن بۆ هەرێمی کوردستان زۆر کەمن، بێ گومان رژێمی کۆماری ئیسلامی دەستێکی باڵای لە پشتیوانی و هێنانی مادەی هۆشبەر لە باشووری کوردستان هەیە، کورد لەلای رژێم جیاوازی نیە و بە چاوی دوژمن دەڕوانێتە کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان، لەوانەیە کەم و زۆر بەشێکیان زیاتر بە دوژمن و بەشێکیان کەمتر، بەڵام بە گشتی بۆ ئەو جیاوازی نیە، چونکی دەزانێ کە کوردەکان لە هەموو پارچەکان پشتیوان و یاوەری یەکترین و سەرکەوتنی نەتەوەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان بە قازانجی پارچەکانی دیکەیە و رژێمیش چاوی بەرایی نایەت و پێی ناخۆشە کە باشووری کوردستان سەرکەوتن بەدەست بێنێت و خەڵکەکەی لە ئازادی و خۆشیدا بژین، بۆیە مادەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان بڵاودەکاتەوە کە خەڵکی ئەو پارچە لە کوردستان گیرۆدە بکات و خەڵکەکەی لە پێشکەوتن لاواز بکات. رێژیم لە رێگەی دەست و پێوەندەکان و گوێ لەمستەکانی خۆیەوە دەستی بەبڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر لە باشووری کوردستان کردووە، لە سەرەتاکانی هاتنی مادەی هۆشبەر بۆ باشووری کوردستان جێگری یەکەمی سەرکۆماری ئێستای ئێران واتە محەممەد رەزا رەحیمی دەستێکی باڵای بووە، ئەو کاتەی کە پارێزگاری پارێزگای کوردستان بووە بە دامەزراندنی پیلەوەری لە سنوورەکان مافیای مەوادی بێهۆشکەری بۆ باشووری کوردستان پێک هێنا و ئێستاش ئەو مافیانە هەر بەردەوامە. زۆربەی مادە هۆشبەرەکانیش لەژێر باردا حەشار دەدرێن و دێنە ناو باشووری کوردستان.

■